www.kurdistannet.org



# چی لە مێژوومانەوە فێربووین ؟!

گەورەترین بایەخی مێژوو، خوێندنەوەیەکی ووردی رووداوەکان و سوودوەرگرتن لە راستییەکان و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان و رێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی هەڵەکانە . خوێندنەوەی چەمکی مێژوو بەم رەهەند و پێوانەیە ، سەرەتایەکی نوێ و ئاسۆیەکی گەش لەبەردەم هەر لێکدانەوە و هەنگاوێکی نوێدا ئاواڵە دەکات .

ئاوڕێکی کورت بۆ دواوە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە چۆن ئەتاتورک بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی لە دەرپەڕاندنی بێگانە لە وڵاتەکەیدا هەموو گفتێکی بە کورد دا ، ساتێ گەیشتە ئامانجەکانی دەستی کوردی لە بندا بڕی و زیاتر لە ملیۆنێ کورد بوونە قوربانی دڕندەیی تورک و ئەو ساویلکەییەی سەرانی کورد . دوای ئەوە رەزا شا بە چ فرتوفێڵێ سەرانی کوردی هەڵخەڵەتاند و بە سانایی کردنی بە تەپکەوە . بەعس پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست هەزار و یەک گفتیان دا و ساتێکیش رەشمەی دەسەڵاتیان گرت بە دەستەوە ئیدی دیمان چۆن تا دوا هەناسە لە هەوڵی لەناوبردنی کورد کۆڵیان نەدا . خومەینی لە پاریسەوە هاواری بۆ ئازادیی کورد دەکرد و داکۆکی لە مافەکانی دەکرد . ئەودەمەی چووە سەر تەختی حوکم، کوردستانی لە لافاوی خوێندا نوقم کرد .

کورد دەڵێ مشتێ نموونەی خەرمانێکە و ئەمانە بە کورتی چەند لاپەڕەیەکی تاریکی مێژووی نەتەوەکەمانە . ئێستاش دوای ئەم هەموو ئەزموون و ساڵانەی خەبات و گۆڕانە گەورانەی بەسەر جیهان و ناوچەکە و کوردستاندا هاتووە ، وەک بڵێی ئەو مێژووی تێشکان و تەفرەخواردن و دۆڕاندنە حەتمییەتی خۆی لای کورد بە سەلماندن گەیاند بێت ، سەرانی سیاسەتپیشەی کورد دەیانەوێ کورد بکەنەوە بە قوربانی دەستی سیاسەتە ناکوردی و نا واقیعییەکانی خۆیان و هەر لەسەر بەزمی بەرژەوەندی تەسکی شەخسی و حیزبی و بنەماڵەیی خۆیان درێژە بە گەمەی سیاسی دەدەن .

سەرکردایەتیی سیاسیی کورد خۆی دیلی دەستی کۆمەڵێ دروشم و کاروبار کردوە ، کە دەچنە خانەی هەرە دوایی و پەراوێزی ئەرکەکانیانەوە . زۆر نابەرپرسیارانە و بێ منەتانە دەچنە بەردەم کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردی و بێگانە و بە هەزار گەرووی درێژ هاوار دەکەن ، نەکا کەس تێیان نەگات .......

بنوارن چۆن پەیتا پەیتا بەدەم پێ چەقاندن لەسەر ئەم رستە و راگەیاندنە ژەهراوییانەیانەوە دەیانەوێ نوێنەرایەتی مەسەلەی کورد بکەن :

*{ کەرکوک شارێکی عێراقییە / کەرکوک عێراقە بە بچووکی /کەرکوک شاری برایەتییە / ئێمە عێراقیی راستەقینە و پەیوەستین بە یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە /*

www.kurdistannet.org

*سووربوونمان لەسەر پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق دووپات دەکەینەوە / سوێند بە خوا و بە قورئان دەخۆین دەوڵەتی کوردی دانامەزرێنین / شەرەفی هەرە گەورەم ئەوەیە هەرگیز جیاوازیخواز نەبووم ، موسڵ شارێکی کوردی نییە / ئەمەریکاییەکان داگیرکەرن / نەتەوەی تورکمان ، لە کاتێکدا هەموو دەزانین ( خاک ـ نیشتمان ) یەکێ لە بنەماکانی نەتەوەیە . بەمجۆرە بێت واتە تورکمان خاوەنی کەرکوکە / ئێمە ئاڵا هەڵگری دیموکراسین / ..... کۆڵنەدەری رێگای دیموکراسیی عێراقین / هێنانەوەی نموونەی فیدراڵی ئەڵمانیا بۆ عێراق ، وەک ئەوەی بڵێی کوردو عەرەب یەک میللەت بن وەک ئەڵمان / داواکارین عێراقی داهاتوو نموونەی تورکیای ئێستا بێت ، واتە دەبێ بە کەمالیزم شایەتمان بهێنین . / بەسەر کردنەوەی عەشایەرەکان / دەبێ سەرژمێری بکرێت لە کەرکوکدا ئەوسا دەزانین رێژەکان چۆنن و دەتوانین بڵێین کەرکوک شارێکی کوردییە/کورد ستەمی نەتەوایەتی زۆر چەشتووە نابێ ستەم لە کەس بکات و پێویستە بێتە نموونە بۆ هەموو دنیا/ گەڕانەوە بۆ بەغا بە شادبوونەوە بە زێد ودایکی نیشتمان دادەنێین/ لە ئەنقەرەوە پیرۆزبایی نەورۆز لە گەلی کورد دەکات و دەڵێ ئینشائەڵلا لە بەغا یەکتر دەبینینەوە / هەموو توانایان دەخەنەگەڕ لە پێناوە یەکگرتنەوەی عێراقدا . ؟؟؟!!! ........}*

ئەمانە و گەلێ رستە و ووشەی پووچەڵ و بێ ناوەڕوک, وەک ئەو دروشمانەی بڵندیان کردۆتەوە و کاری پێ ناکەن . هیچ سیما و دیاردەیەکی نەتەوەیی بە کارەکانیانەوە دیار نییە . بەرێوەبەرایەتیی فەرمانگەیەکیان لە بەغا لە سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کوردستان لا پەسەنترە .

## کورد بە سنگەخشێ دەڕوات و سەرانی کورد گۆچانی دەدەنە دەست !؟

بەراستی دەڵێی شەوە دەستی لەو سەرکردایەتییە وەشاندووە . ئەمەندە بە ناخی خۆیدا شکاوەتەوە و خۆی لا بچوک و مەسەلەی نەتەوەکەی لا کەم بایەخە ، ئازایەتی ئەوەی تێدا نییە بە نیشتمانەکەی بڵێ کوردستان و داکۆکی لەچارەسەرکردنی کێشەی رەوای نەتەوەکەی بکات و دان بەوەدا بنێ کە مەسەلەی کورد مەسەلەی نەتەوەیەکی نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراوە و کوردیش خاوەنی بزوتنەوەیەکی رەوا و رزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتمانییە و خاوەنی باوەڕ و

www.kurdistannet.org

هەزاران شەهیدی ئەم رێباز و ئامانجە پیرۆز و رەوایەیە. تا دۆزی رەوای نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد چارەسەر نەبێت ، ئاشتی و ئاساییش و دۆستایەتیی راستینە ئاستەمە بێتە دی .

سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە هەموو توانایانەوە دژی کارکردن و بەرنامەرێژیی بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیین لای نەتەوەکەیان . بە توندی دژی دامەزراندنی هەر دامودەستگایەکی نەتەوەیین کە ببێتە بنەمای خۆ بەرێوەبردن و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی . سیستەمی پەروەردە و خوێندن هەر هەمان شێوازەکەی بەعسە . رێگە نادەن هیچ رێکخراو و پارتێکی نەتەوەیی راستەقینە بە ئازادی کار بکات . لە هیچ کاروبارێکدا پرس بە میللەت ناکەن و خۆیان بەزۆردارەکی کردۆتە دەمراستی کورد . پەیرەوەی لە هیچ بنەمایەکی دیموکراسی ناکەن . زراویان چووە لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و بەرێوەبردنی ریفەراندۆمێک لە کوردستاندا. دامودەزگاکان ناکەنەوە بە یەک . هەر شار و شارۆچکەیەکی کوردستان چەند پارێزگار و بەرێوەبەر و بەرپرسیاری هەیە . هەر لایەک بە جیا و بە دژی ئەوی دیکە, خەریکی پروپاگەندەی حیزبییە . ئینتیما بۆ حیزب سەروی هەموو ئیعتیبارێک خراوەتەوە .

دەسەڵاتی ئازادیی کورد لە کوردستانەوە بەرەو بەغای عەرەبستان براوە . هەر لایە و خەریکی پێشوازی بەخشینەوەی سەروەت و سامانی کوردستانە بەسەر عێراقی خۆشەویستدا ؟!! ئەو دەچێ بۆ سەردانی مزگەوتەکان ئەمیان خۆی دەکات بە تەکییەکاندا . ئەو بۆ قوتابخانە ئەویان بۆ نەخۆشخانەکان . پەرۆی پارتایەتیی سەوز و زەرد جێی ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان گرتۆتەوە .

## پرۆسەی بە عەرەبکردن هەر بەردەوامە

یەکێتی ئەوروپا مانگانە 10 ملیۆن یورۆ دەداتە بەڕێوەبەرتیی فەلەستینی . کەسوکاری ئەو جوولەکانەی لە ئەنجامی ئەو خۆتەقاندنەوانەدا دەکوژرێن ، گاڵە بە یەکێتی ئەورووپا دەکەن . هەر یەکەیان پارێزەرێکی باشی گرتووە و داوای تۆڵە و خوێنی کوژراوەکانیان دەکەن . بەڵگە و بیانووشیان ئەوەیە گوایە ئەو یارمەتییە بریتییە لە باجی کەسوکاری ئەوان کە لە وڵاتانی جۆراوجۆری ئەوروپان , بەمەش هەرایەکی گەورە بۆ ئەوروپا دروست بووە . جولەکەش پەی بەهەر کون و کەلەبەرێک دەبەن بۆ مەبەستەکانی خۆیان . دوای روخانی سۆڤیەت وڵاتانی بەلتیک تا رادەی یاساخکردنی زمانی رووسی و بایەخدان بە زمانی دایک رۆیشتن . دنیا چەند رەوت لە سەر بە جیهانیبوون دەکات ، هەمان کات ئەمەندە زیاتر پرۆسەی گەڕانەوە بۆ خودی خۆی خستۆتە گەڕ و داکۆکی لە هەموو بەها و بنەماکانی خۆی دەکات .

دوای سەرهەڵدانی ناکۆکی جدی لە نێوان هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکاوە لەسەر مەسەلەی شەڕی عێراق , بەشی هەرە زۆری شمەک و دیاردە و ناو و شوێنە ئەمەریکاییەکان کەوتنە بەر رەخنە و دژایەتی کردن . بۆ نموونە دیاردەی چوون بۆ مەکدۆناڵد و هەمبەرگەر خواردن و کۆلا خواردنەوە بە گەرمی بەرچاو دەکەون . وە ئەم دژایەتی کردنەش چووە ئاستی بەرزی دیکەشەوە .

بە پێچەوانەی ئەم هەموو دیاردانەوە لە لای سەرکردایەتی سیاسیی کورد تەلەفزیۆنەکانی کوردستان هەر بەناو قوتکراونەتەوە . خوا نەیبڕێ ئەوەتەی عێراقی نیشتمانی خۆشەویستی ئەوان ئازادکراوە , بەرنامەی عەرەبی زیاترە لە کوردی . دەنگی مامۆستا عەلی مەردانی نەمر و رەزازی و شڤان بوون بەژێر دەنگی نازم غەزالی و سەعدون جابرەوە .

www.kurdistannet.org

خەمخواردن بۆ ئازار و ژانەکانی عەرەب زیاترە لە کورد . زانستگە و نەخۆشخانە و چاپخانە و هەموو شوێنەکانی دیکە خۆیان پێشکەشی عێراق کردەوە !!؟؟ .

سەرکردایەتیی سیاسەتپیشەی کورد هەزار و یەک ئەرکی نەتەوەیی و کوردانەی لەبەردەمدایە جێبەجێی بکات , وەک دەستنیشان کردنی سنووری سرووشتیی ئەو بەشەی کوردستان و گەڕاندنەوەی هەزاران کوردی دەرکراو و پاکتاوکردنی هەموو شوێنەوارە رەش و شوومەکانی داگیرکردن و بەعەرەبکردن لەسەر خاکی سرووشتی و مێژوویی کورد, سۆراخکردنی چارەنووسی زۆرتر لە دووسەد هەزار کوردی ئەنفالکراو لای برا عەرەبەکانیان!!! , تەنانەت داوای ئێسکوپروسکی کوردانەشتان ناکەنەوە!!! .... گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و خوێندنی عەرەبیی پێشووی بەعس بۆ پەروەردە و خوێندنی کوردی و کوردایەتی .... بە پێچەوانەی هەموو ئەم ئەرک و فەرمانانەوە , کەچی خۆیان خەریکی پۆشتەوپەرداخکردنی ماڵی داگیرکەر کردووە . ئەمەش لای هەر کوردێکی دڵسۆز جێی گومان و پرسیارە !!؟؟. گەر ئەمانە هێندە بە پەرۆشی عێراقن و بۆ کورسییەکی بەڕێوەبەرایەتی کارخانەیەک ، وەزارەتێکی کارتۆنی یان هەر پلە و پایەیەکی دیکە خەباتیان کردووە و کوڕی کوردیان بە کوشت داوە و کوردستانیان بە وێرانکردن داوە ، دەبوو هەر لەسەرەتاوە ئەمەیان بە دەروێشەکانی خۆیان بگوتایە . ئیدی زۆر سەیروسەمەرەیە خەڵک خۆی بۆ بە عێراقیبوون و پێچکەی کورسیی دەسەڵاتی سەرۆکەکەی بە کوشت دەدات . گەر وابێ ئەوانە هەرگیز شەهیدی رزگاریی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان نین ..... کار وا بڕوا جـــامــــانــەش دەبێ بە عـــەکـــــــال !!!.

## ئینگلیز دایکە فیتنەگێڕ

ئەو شەمەندەفەرە ئینگلیزییەی بەعسی هێنایە سەر حوکم ، فارگۆنێکی کوردی تێدابوو...! هەموو ئەوەش دەزانین ئینگلیز دروستکەری عێراقی داگیرکەرە و ساڵەهایە ئەو زیندان و دۆزەخەی بۆ نەتەوەی ئێمە دروستکردووە . ئەوەی زۆر جێی سەرنجی وورد بێت سەبارەت بە هەڵوێستی ئینگلیز لە هەموو ئەو بارودۆخەی پەیوەستە بە عێراقەوە هەر لەسەرەتای هەراکەوە هەتا ئیمڕۆ , ئەوەیە کەوا ئینگلیز هەر لەسەرەتاوە بە شێوە و شێوازێکی دیکە لە ئەمەریکا چووە مەیدانەوە . غەزەبیان تەنها لە سەدام هەڵگرتبوو ، چونکە بە دژی ئەوانەوە و لەودیو دەرگاوە خەریکی خۆ چەکدارکردن و پێگەیاندنی خۆیی و بەهێزکردنی عێراق بوو . ئەمەش جێی مەترسی و نارەزایی ئەمان بوو . لەوەش پتر بەهیچ شێوەیەک ئینگلیز ناتوانێ لە چوارچێوەی گشتی سیاسەتی ئەمەریکا دەرچێ . ئەم خاڵە فاکتەرێکی گرنگی هاتنە ناوەوەی ئینگلیز بوو بۆ سەرجەم هەڵوێستەکانی لەگەڵ ئەمەریکادا .

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە ئینگلیز بە گۆڕینی رژێمی بەعس رازی نەبوو و بە هەموو شێوەیەک دژی پارچەپارچەکردنی عێراق بوو . ئەمەش پێچەوانەی نەخشە و پلانەکانی ئەمەریکایە . ئەمەریکا سوورە لەسەر لەناوبردنی رژێمی بەعس و تۆبڕکردنی و پارچەپارچەکردنی عێراق بۆ چەند کەرتێک !! .

ئێستاش دوای هاتنەدی ئامانجەکانی ئەمەریکا ، ئینگلیز بە میتۆدێکی دیکە دەیەوێ کار بکات . بڕەک سستە لە کاروبارەکاندا و خۆی بە ناوچەکانی بەسراوە سەرقاڵ کردووە . هەڵبەتە جێی ئاماژەیە کە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم هێزە

www.kurdistannet.org

سوێندخۆرەکان ئینگلیز و فەرەنسا خاوەنی رێکەوتننامەی سایکس پیکۆ بوون پێکەوە . بەڵام هەریەکەشیان بە جۆرێک دەیویست فێڵ لەوی دیکەیان بکات . سەرئەنجام دیمان چۆن ئینگلیز گرەوی لە فەرەنسا بردەوە و عێراق و ئێرانی بۆ خۆی هەڵبژارد و سوریا و لوبنانی دا بە فەرەنسا . بەم شێوەیەش عێراق بووە نفوزێکی ئینگلیزی .

ئەم وانەیە ئێستا بە هەمان شێوە بەر چاومان دەکەوێتەوە . ئەمەریکا و ئینگلیز چەند هاوبەشی یەکترن ، هێندە خەریکی فرتوفێڵن لەسەر دابەشکردنی دەسکەوتەکان , هەر لایەی دەخوازێ بەشەکەی خۆی گەورەتر بێت . دیارە ئینگلیز ئەمجارەیان ئەو گەمەیەی بۆ دووبارە نابێتەوە . چونکە وەک ئاشکرایە بێ ئەمەریکا هیچی پێ ناکرێت و لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە باری ئەمەریکا سوارترە . لەهەموو ئەمانەش بەرچاوتر ئەمەریکا بە ئاشکرا لە هەوڵی ئەوەدایە بەرەکە لە ژێر پێی ئینگلیز دەربێنێ و ئەوەی ناوی عێراقە ، وەک زۆربەی وڵاتانی تری ناوچەکە بیکاتە نفوزێکی ئەمەریکی . ساتێ ئەمەریکا دیبلۆماسی بەناوبانگی خۆی پۆول برێمەری کردە بەرپرسی یەکەمی عێراق ، دەستبەجێ ئینگلیزیش چالاکترین و باشترین باڵوێزی خۆی لە وڵاتە عەرەبییەکان کە لە میسر بوو ناردە عێراق و بووە نوێنەری شەخسی تۆنی بلێر . ئینگلیز هەر بۆئەوەی تەنگوچەڵەمە بخاتە بەردەم کارەکانی ئەمەریکا و نەیەڵێ ئەو دەسکەوتانە بدۆڕێنێ ، کەوتەوە هاندان و ناردنەوەی هەموو ئەو عێراقییانەی گوایە کەسایەتین و بەرپرس بوون لە دامودەزگای جارانی عێراقدا بۆ عێراق ، تاوەکو تای تەرازووی خۆی قورستر بکات و چانس و دەرفەتێ بۆ پیاوەکانی خۆی لە عێراقدا مسۆگەر بکات .

بە هەموو حساباتەکانیش ئەو کۆمەڵە دەستە گوڵەی ئینگلیز هەرگیزاو هەرگیز لەگەڵ مافەکانی نەتەوەی کورددا نین و باوەڕیان بە مەسەلەی کورد ، وەک مەسەلەی نەتەوەیەک نییە .

## لە قۆناغی سەربازییەوە بۆ قۆناغی سیاسی و دیبلۆماسی

وەک دەزانین پاش دارمانی سەدام و بەعس ( ژەنەراڵ گارنەر ) کرایە بەرپرسی کاروبارەکانی عێراق . لەو ماوەیەشدا هێشتا ووردە چالاکیی سەربازی و پاکتاوکردنی دەسەڵاتی بەعس و هێرش بردنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس بەردەوام بوو . لەم لایەنەوە هەبوون و رۆڵی کورد لە بواری سەربازیدا هەم دیار و هەم حساب بۆکراو بوو . رزگارکردنی ناوچە رزگارنەکراوەکانی باشووری کوردستان بە هاوکاریی کورد بۆ ئەمەریکا گەلێ بە سانایی هاتە دی . بەکورتی دەمانەوێ بڵێین ئێمە هەمیشە لەبواری سەربازیدا کاریگەر بووین و کردەدەست بووین ، بە پێچەوانەی بواری سیاسیەوە . واتە ئێمە هەتا هەنووکە هەموو شتمان بەچاکی هێنا .

ئێستا بە دوای هاتنی ( برێمەر ) بۆ عێراق بە پراکتیکی قۆناغی سیاسی و دیبلۆماسی دەست پێ دەکات . لەم بوارەشدا کورد هەمیشە کورتی هێناوە . لەهەمان کاتدا زۆر هۆکاری ناوخۆییش هەن کە یارمەتیدەری ئەوە بن کورد وەک هەمیشە شکستخواردووی دەستی سیاسەت بێت .... دەبێ ئێمەی کورد زۆر هۆشیار بین و وەکوو رابردوو دیسانەوە نەبینەوە کارتی گەمەی سیاسی و دەستکەلای دەستی بێگانە .

www.kurdistannet.org

یەکنەگرتوویی کورد ، نەبوونی دۆسییەیەکی سەربەخۆی دۆزی کورد ، بوونی دوو سەرکردە ، دوو دامودەزگای بەڕێوەبەرێتی ، دوو بیر و ئامانجی پارتایەتی ، دوو بۆچوونی دژبەیەک ...... هەموو شتەکانی کورد بە دوویی و یەکنەگرتووانە و تێکەتیفانە بەڕێوە دەچێت.....

ئەم سەرە دێر و ناونیشانانە هەموویان ئەوە هەڵدەگرن باسوخواسی تەواویان لەسەر بکرێت ، بەڵام بۆ ئەم دەرفەتە جارێ ئەمەندە بەسە و ئێمە بڕیاردان و داوەریی ئەم باسوخواسانە ڕووبەڕووی جەماوەری تێکۆشەر و دڵسۆزی نەتەوەکەمان دەکەینەوە, چونکە ( جەماوەر سەرچاوەی بوون و دەسەڵاتە و هەر کەس و لایەتێکیش پشتیوانی و متمانەی جەماوەر بدۆڕێنێ , خۆیشی دەدۆڕێنێ ).

**لە کۆتاییدا داوا لە هەموو جەماوەری تێکۆشەر و دڵسۆزی باشووری کوردستان دەکەین کە ڕێگا نەدەن بە هیچ کەس و هیچ لایەنێك بۆ ئامانجە نارەوا و گڵاوەکانی خۆیان بەزۆر بیانکەن بە عێراقی و بە عێراقچی , چونکە بە عێراقی بوون و عێراقچێتی بۆ کورد مایەی ڕیسوابوون و شەرمەزارییە , سڕینەوەی سیمای کوردستانێتیی کورد و دژی کوردستانی بوون و کوردایەتییە , عێراقچێتی داگیرکەرچێتییە, ژەهری کوشندەیە , ڕێگا بە هیچ کەس و هیچ لایەنێکی عێراقچی مەدەن بەزۆر ژەهری عێراقچێتی بکەن بە گەرووی کوردستانی بوون و کوردایەتیتاندا..... کورد تەنها کوردستانییە و کوردستانیش تەنها موڵکی نەتەوەی کورد و هەموو کوردستانییەکانە.**

- **سەربەرزی و نەمری بۆ شەهیدان , گیانپاکانی ئازادیی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.**
- **ڕیسوابوون و تێشکان و نەمان بۆ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان و نۆکەرانیان.**
- **بەردەوام و سەرکەوتوو بێ خەبات و تێکۆشان لەپێناوی ئازادیی کورد و یەکگرتنەوە و سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی ناسیۆنالی کورددیا.**
- **هەر شەکاوە بێ ئاڵای سووری کوردایەتی .**

**پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆك )**
**2003.05.20**

**http://www.PASOK.org**